# مەسەلەی کەرکووک: ڕیشەکانی ، بارودۆخی ئێستای و ئاسۆی داهاتووی

**عدنان کریم – سدنی**

adnankerim1@hotmail.com



**بەچی ئەڵێین مەسەلەی کەرکووک؟**

بەبڕوای زۆربەی شارەزایانی پرسی کورد لە عیراقدا، سەرەکیترین لایەنی ئەم مەسەلەیە، سنوری جیۆگرافیای خاکی کوردستانە. یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی مەسەلەی کوردیش و شوێنێک کە هەمیشە ئەم مەسەلەیەی تیا جەڕاوە لە گفتو گۆکانی نێوان لایەنی کوردی و نوێنەرانی دەوڵەتی ناوەندی عێراق مەسەلەی دیاریکردنی سنووری ئەو ناوچانە بووە کە ئەبێ ڕێککەوتن لەسەر چارەی ئەم مەسەلەیە بیانگرێتەوە. ئەم گرێیە خاڵی هاوبەشی پەیماننامەکانی بەیانی 11 ی ئازاری 1970 ، مفاوەزاتەکەی 1984، گفتۆگۆکانی 1991و سەرەنجام فیدرالیزمی ناو دەستورەکەی 2005ە.

چ بەبارە سیاسیەکەیدا و لەوەش گرنگتر بەبارە یاسایی و دەستوریەکەیدا ، ناکرێ باسی چاری مەسەلەی گەلێک بکرێت کە تا ئێستا بەهۆی شوناسی نەتەوەیی جیاوازیانەوە تا ئاستی کوشتنی بەکۆمەل, ڕووبەڕووی چەوسانەوەیەکی دڕندانە بوونەتەوە و لەدەستووری عێراقیشدا ئاشکرا فیدرالیزم وەکوو شێوەی پێناسەکراوی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندی عێراق پێناسەکراوە ، بەڵام سنووری جیوگرافی ئەو ناوچەیە زور بە ووردی دیاری نەکرێت کە ئەو یاسایە ئەیگرێتەوە.

مەسەلەی کەرکووک لەکۆنەوە تا ئێستا بەپەیوەند بەو گری کوێرەیەوە دێتە ئاراوە.

هەر ڕێوشوێنێک بۆ یەکلاییکردنەوەی داهاتووی کەرکوک بگیرێتە بەر ئەبێ لەناوەڕۆکدا بەئاشکرا میکانیزمێک بێت بۆ وەلامدانەوە بەپرسیارێکی بنەڕەتی: ئایا پارێزگای کەرکوک ئەبێت بەبەشێک لەهەرێمی کوردستان بەو ماف ودەسەڵاتانەوە کە لەدەستووری هەمیشەیی عیراقی ساڵی 2005 دا هاتووە ، بە هەموو ئەنجامە یاسایی و سیاسی و جیۆگرافیەکەیەوە، یا وەکوو 15 پاریزگاکەی تری عێراق ڕاستەوخۆ گرێ ئەدرێنەوە بە دەسەڵاتی ناوەندیەوە لەبەغداد بە ئەنجامە جیاوازەکانیەوە؟ .

تاقیکردنەوەی یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ لە ساڵی 1925دا زۆر پەند و لایەنی بەنرخی تیایە کە نەک دەقاودەق و بەشێوەی ڕواڵەتی بەڵکو ناوەڕۆکەکەی و شێوازی یەکلاییکردنەوەکەی و میکانیزمەکانی و زۆر

ووردەکاری تری ، ئەتوانن خزمەتی زۆر بە یەکلاکردنەوەیەکی ڕەوای کەیسی ئێستای کەرکووک بکەن. دیارە کاتێک ئەڵێم گەڕانەوە بۆ تاقیکردنەوەی موسڵ بایەخی خۆی هەیە ئەوە مەرج نیە وەکوو تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو چاوی لێبکەین بەڵکوو بە پێچەوانەوە لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو تاقیکردنەوەیەم زیاتر لا مەبەست بوو.

**کەرکووک لە عێراقی هاوچەرخدا:**

ڕیشەی مێژوویی کێشەی هاوچەرخی کەرکووک ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی هاوچەرخی عێراق لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشوودا و بەدیاریکراوی بۆ ساڵی 1921.

بەڵام پێش ئەو مێژوە کەرکووک تا ساڵی 1879 لە سەردەمی عوسمانیەکاندا مەرکەزی ویلایەتی شارەزوور بووە تا لەو ساڵەدا بە بڕیارێکی ئاستانە شاری موسڵ ئەکرێت بە مەرکەز.

شمس الدین سامی کە یەکێکە لەمێژوونووسە بەناوبانگەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لە کتێبە ئەنسایکلۆپیدیەکەیدا کە بە عەرەبی ناوی ( قاموس الاعلام ) وە لە ساڵی 1896 دا چاپکراوە سەبارەت بە کەرکووک ئەڵێ : ( کەرکووک شارێکی ولایەتی موسڵی سەر بەکوردستانە وکەوتۆتە نزیکەی 160 کیلۆمەتر لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری مووسڵ لە ناوەڕاستی کۆمەڵێک گردی زەردداپە نزیک دۆڵی ئەدهەم . ئەم شارە مەرکەزی سونجوقی شارەزوورە و ژمارەی دانیشتوانی 30000 کەسە . قەڵایەک و 36 مزگەوت و شوێنی نوێژ و 7 قوتابخانە و 15 تەکیە و خانەقا و 12 خان و 1282 موغازە و دوکان و دەبستانێک و 8 حەمام و پردێک لەسەر ڕوبارەکەی و قوتابخانەیەکی ڕوشدیە و 18 قوتابخانەی سەرەتایی و 3 کلیسا و حاورەیەکی تیایە. لە قەڵای سەر گردەکە و هەروەها لەگەڕەک و ( کوچەکانی ) ژێری و لای دەستی ڕاستی رووبارەکە ، کە شارەکەی تیایە ، چوار لەسەر سێی دانێشتوانی کوردن و باقیەکەشی پێکدێت لەتورک و عەرەب و هی تر و 760 خێزانی جوو و 460 خێزانی کلدانی لەم شارەدا ئەژین ) .

شمس الدین سامی : قاموس الاعلام. وەرگیراو لە : کرکوک مدینة القومیات المتاخیة. کرکوک في العصور القدیمة . د. جمال رشید احمد. استاذ جامعي. ص 63 -64 .

بەڵام بەپێچەوانەی شمس الدین سامی، گەڕیدەی بەریتانی مایجەر سۆن ژمارەیەکی جیاواز لەسەر ڕێژەی نەتەوەکانی کەرکووک تۆمار ئەکات. ( ژمارەی تورکمانەکانی شارەکە 13 هەزار کەسن لەبەرانبەر 5 هەزار کورد و 5700 مەسیحی و هەزار جوو) . سۆن: رحلة متنکر الی بلاد ما بین النهرین و کردستان ، نقله الی العربیة و حققه وقدم له وعلق علیه فؤاد جمیل ، الجزء الاول ، من استنبول الی السلیمانیة ، ط 1 ، بغداد 1970 ، ص 158 – 163 . وەرگیراو لە : کرکوک مدینة القومیات المتاخیة . لاپەڕە 261.

بەڵام لەبەرانبەر ئەمیشدا محمد امین زکی پێی وایە کە ئەو قسانەی مایجەر سۆن ڕاست نین. ( ئەوەی وای لەو کردوە بکەوێتە ئەو هەڵەیەوە ئەوە بووە کە ئەو لەو بڕوایەدا بووە کە هەرچی لە کەرکووکدا بە تورکی قسەی کرد ئەوە تورکمانە چونکە هەم کورد و هەم کلدانی کەرکووکیش تورکی شارەزان و قسەشی پێ ئەکەن و گەورەترین بەڵگەش بۆ چەوتی ئەو تێڕوانینە بریتیە لەسەرژمێری ساڵی 1930 کە شارەوانی کەرکووک ئەنجامی داوە و بەوپێیە سەرجەم دانیشتوانی شارەکە 35 هەزار بوونە کە لەوانە 22 هەزاریان کورد و 7 هەزاریان تورکمان و هەزاریان مەسیحی خەڵکی شارەکە و 2 هەزاریشیان تەبیاری بوونە لەگەڵ 500 ئەرمەنی و 2500 جوو. هەربەوپێیەش دانیشتوانی گەڕەکەکانی ئیمام قاسم و اخی حسین و بولاق وئاوچی وپریادی سەرجەمیان کورد بوون هەروەها زۆربەی دانیشتوانی گەڕەکەکانی چوقور و موسەڵلا و چاییش هەر کوردبوون ) . محمد امین زکی ، ملاحظاتي علی قانون اللغات المحلیة ، في کتاب ((

محاولتان غير مجديتين )) حققه و قدم له و علق عليه صباح غالب ، لندن 1984 ، ص 104 – 105 . وەرگیراو لەهەمان سەرچاوە. لاپەڕە 262 .

**شۆفینیزمی عەرەب و کورد و کەرکووک**

لەپاڵ ڕیشەی سیاسیی مەسەلەی کەرکووکدا و ئەوەی هێندەی تر ئەو مەسەلەیەی قووڵ و ئاڵۆزکردوە ، ئەو بەرنامە وپلانە سیاسیە هەمەلایەنە بووە کە دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، لە1936 بەدواوە، بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکووک بەڕێوەیان بردووە. هەورەوک لە چەندین شوێنی ئەم لیکۆڵینەوەیەدا ئاماژەم پیداوە ، هەڵوێست سەبارەت بە کەرکووک هەم پێوەری هەڵوێستی هەر حکوومەت و لایەن و هێزێکی سیاسی عێراقی بووە سەبارەت بەمەسەلەی کورد و هەم سەرەتای هەر هێرشێکیش بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد و پێشێلکردنی مافەکانیان لەوێوە یەکەم پزیسکی هەڵگیرساوە. دیارە سەرچاوەی هاوبەشی هەموو ڕێوشوێنەکانی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی دەسەڵاتدار لەعێراقدا ، لەبیستەکانی سەدەی پێشووەوە تا ئێستا ، بریتیە لە ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی عەرەبی و باڵادەست و بەباڵاتر دانانی هاونیشتیمانیی عەرەب لەووڵاتێکی فرە نەتەوەی وەکوو عێراقدا. بەڵام شێوازەکانی بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتانە و ئاست و قووڵیی پلانی لەو جۆرە ومەوداکانی نەقشەی حکوومەتە جیاجیاکانی دەسەڵاتدار لەم بوارەدا ، بە هۆی ڕادەی جیاوزی پەیڕەوکردنیان لە بیری نەتەوە پەرستی شۆفینی عەرەبی ، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەم سیاسەت و مامەڵەیە لەسەردەمی بەعسدا وەکوو دیارترین هێزی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی ، ئەگاتە لووتکەی خۆی و ئەمیش بەگشتی بە 2 قۆناغدا تێپەڕ ئەبێت.

یەکەم : ساڵی 1963 کە بەعس بەهاوپەیمانی باڵێکی تری نەتەوەپەرستی عەرەبی ، عبدالسلام عارف و ناسریەکان، بە کۆدەتایەکی خوێناوی هاتنەسەردەسەڵات . ئەم دەسەڵاتە سەرەتا کەوتە وێزەی شیوعیەکان و زیاتر لە 30 هەزاری لە چەند مانگێکدا تەنها لێکوشتن. بۆ ئەم مەرامە یەکەمجار کەوتنە پشی پشی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەوکات و بەستنی گفتوگۆ لەگەرمەی ئیرهابی بەناوبانگی حەرەس قومیەکان داو پاشان کە پاشەکشەیان بە قاسمیەکان و شیوعیەکان کرد ئاشی کوشتارەکەیان وەرگێڕا بۆ گیانی کورد و کەرکووکیش گەورەترین بەشی هەم شیوعی کوشتنەکە و هەم کورد کوشتنەکەی بەرکەوت .

دووەم : بەعس دیسانەوە ساڵی 1968 بە کودەتایەکی تر گەڕانەوە سەر دەسەڵات و پاش ڕێکەوتنێکی چوار ساڵە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کە زیاتر لە ئاگر بەست ئەچوو تا بەعس جێپێی خۆی قایم ئەکاتەوە ئەمجار بەدوای هاوپەیمانی لەگەڵ پاشماوەی ئەو شیوعیانەی لە 1963 دا قەڵاچۆیکردبوون ، لە 1972 بەدواوە کەوتە دانانی پلانێکی هەمەلایەنە بۆ پیادەکردنی نەک تەنها سیاسەتی ( سەرزەمین سوتاندن- سیاسة الارض المحروقة ) بەڵکوو لەناوەڕاست هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، لەئەنجامی ( تواطؤ ) و بێدەنگیەکی سامناکی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ، کەوتە جێبەجێکردنی فراوانترین سیاسەتی جینۆساید و تەرحیل و تەعریب و تەهجیر و تەبعیس کە کەرکووک خەتی جەبهەی پێشەوەی ئەم بەرانبەرکێ زۆر نابەرابەرە بوو کە کیمیاباران و ئەنفال سەرتۆپی ئەو سیاسەتانە و ناوە ڕەسمیەکەی بوو.

جێی سەرنجە کە لەهەردوو قۆناغەکەی کوردقرانی بەعسیدا وئەنجن ئەنجنکردنی سیمای دیمۆگرافی کەرکووکدا، کەس ناڕەزاییەکی ئەوتۆی لەبەرەی هێز و ئەحزاب و کیاناتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و دەوڵەتانی عەرەبی و عێراقیدا نەبینی( جگە لە شیوعیەکانو ئەوانیش تەنها لە عێراقدا ) تا لەلاپەڕە درەخشانەکانی مێژوودا تۆمار بکرێت هەر بۆیەش دەنگی ناڕەزایەتی کەسایەتی وەکوو ( هادی العلوی ) کە بەدوای کیمیابارانی هەڵەبجەدا هاواری کرد ( شەرمەزارم کە عەرەبم !!) ، بە تەنها و بێ وەڵام مایەوە!!!. هەر بۆ نموونەی جیاواز ، لەبەرانبەر بە چەوسانەوەی

فەلەستینیەکان و بەتایبەتیش سیاسەتی ( استیطان )ی ئیسرائیلی لە ناوچەکانی فەلەستینیەکاندا ، لەهەموو ناوەندەکانی جوولەکەی جیهان و ئیسرائیلدا ، هەمیشە دەنگی ناڕەزایەتی فاکتەرێکی بەرچاوی ناو ئەو کێشەیە بووە.

نەک هەر ئەوەش ، بگرە بە هۆی بەهێزی ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیستی عەرەبی و پانتاییەکی گەورە کە لە بیری سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگای عەرەبی و عێراقیدا هەیەتی ، و خەسڵەتی جێکەوتووی ئەو بیروباوەڕە وەکوو بیرێک کە ڕێزی لێئەگیرێت و یا لانیکەم ناخرێتە بەر ڕەخنە ، تەنانەت لای شیعەکان و ئیسلامیەکانی عێراقیش ، ئیتر شۆفینیزم تەنها بە ئیحتیکار نەماوەتەوە بۆ بەعس.

هەو بۆ نموونە کەسایەتیەکی وەکوو هیلال ناجی کە بەعسیش نەبوو و بگرە لەلایەن ئەوانەوە دوای کۆدەتاکەی 1963 تووشی ئەزیەت و ئازاری زۆر هاتوو لە ڕاپۆرتێکدا کە ناردوویەتی بۆ جمال عبدالناسر ئەڵێت :( هۆی هاشاکردنی ئێمە لە کوردبوونی کەرکووک ئەگەڕێتەوە بۆ بوونی نەوت لە شارەکەدا ودیارە کە تەماعمان لەنەوتدا هەیە. بەڵام نانەوەی دوژمنایەتی لەگەڵ کورددا بەهۆی نەوتەوە تەنها زیانی بۆمان ئەبێت بۆیە باشتر وایە ئەم نەتەوەیە بکەین بەدۆست نەک دوژمن بەبۆنەی نەوتەوە . خوانەبیرێت خاکی عەرەب بەپیتە و سەرچاوەی نەوتی زۆر وزەبەندە ). کرکوک مدینة القوميات المتاخية. 136

زۆر نووسەر و سیاسەتمەداری تریش کە تەنانەت لەلایەن بەعسەوە تووشی ڕاونانیش بوونەتەوە ئالوودە بوون بە بیری شۆفینی عەرەبی .

دیاریکردنی ئەو ناوچانەی کە ئەبێت هەر ڕێکەوتنێک بیانگرێتەوە لە نێوان حکومەتە عێراقیەکان و لایەنی کوردی ، هەمیشە یەکێک بووە لە گرێ سەختەکان کە پردی گفتوگۆ سەرەنجام لەوێدا پساوە. کەرکووکیش ئەو شوێنەیە کە لەهەردوو سەرەوە ئەو پردە پێوەی گرێدراوە.

نووسەری کتێبی ( العراق ؛ دراسة في علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية ) باس لەوە ئەکات کە بۆ پێویستی کتێبەکەی چاویان بە عبدالرحمن البزازی سەرۆک وەزیرانی ساڵی 1966 کەوتووە کە لە چاو هەموو تاقمی دەسەڵاتداری قۆناغی کۆماری عێراقدا لەهەموویان لیبراڵتر بووە و بەم شێوەیە باسی قسەکانیان لەسەر مەسەلەی دیاریکردنی ناوچەی کوردستان ئەگێڕێتەوە .

( کاتێک هاتینە سەر باسی ئەو ڕایەی کە پێی وایە کە دابینکردنی ئاواتەکانی کوردەکان لە چوارچێوەی یەکیەتی عێراقدا سەرەتا پێویستی بە دیاریکردنی ئەو ناوچەیەیە کە بە کوردی دائەنرێت سەرۆک وەزیران لەدژی ئەو بیرۆکەیە بوو بەو هۆیەوە کە ئەو کارە ئەبێتە هۆی هاندان و وروژاندنی کەسان و لایەنی تریش بۆ داواکاری لەو چەشنە ) . لا 65

کاتێک ئەگەینە ساڵانی هەشتاکان ئەوە ئیتر دەرکردنی زیاتر لە 100000 کورد لە کەرکوک لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە تا 2003 و سەپاندنی سیاسەتی تواندەوەی نەژادیی بەسەر ئەو کوردانەی کە لەشارەکەدا مابوون و هێشتا دەرنەکرابوون لە چوارچێوەی پلانی شوومی ( گۆڕینی شوناسی نەتەوەیی – تغيير القومية ) ئەوسا تێئەگەین کە شۆفینیزمی عەرەبی بەعس زامێکی قووڵی کردووەتە جەستەی ئەم شارە کە ساڕێژکردنەوەی هەروا ئاسان نییە.

بەڵام حەزبای شۆفینیزمی بەعس هیچ سنوورێکی نەدەناسی و ئامەدبوو لەوەش زیاتر بکات .

پاش ئەوەی وەکوو سەرەکیترین دەسکەوتی ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ، ڕژیمی پێشووی عێراق دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و سەربازی لە زۆربەی کوردستاندا نەما، لەکەرکووکدا پرۆسەی( تەعریب و تەهجیر و تەرحیل و تەبعیس) گوژمێکی خێرای بەخۆوە بینی. ئەو سیاسەتانە بەتایبەتی پاش دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەسەندکردنی فیدرالیەت

لەپەرلەمانی کوردستان لەساڵی 1992 وەکوو پلاتفۆرمی هێزە کوردستانیەکان و مەرجەعێکی فەرمی وەکوو پەرلەمان ، چوونە ئاستێکی ترەوە و بەشێوەیەکی زۆر سیستماتیک، هەمەلایەنە ، ڕێکخراو و لەئاستێکی زۆر فراواندا ڕژیمی بەعس کەوتە ململانێ لەگەڵ زەمەندا بۆ گۆڕینی هەرچی خێراتری دیمۆگرافیای ئەم شارە. دیار بوو ڕژیم بەوردی ڕەوتی پەرەسەندنە سیاسیەکانی ناوچەکە و جیهانی خوێندبۆوە. ئەو هاوکێشە سیاسیە تازانەی کە دوای شەڕی کوەیت بەدی هاتبوون ، تائەندازەیەکی زۆر مەسەلەی کوردی ( تدویل ) پێکردبوو. ڕەوتی کۆچی بەکۆمەڵی نزیکەی 2 ملیۆن خەڵکی کوردستان لەترسی تۆڵەی ڕژیم لەدوای شکستی ڕاپەڕین سیمای تراجیدی کوردی بۆ ماوەیەکی درێژ کرد بە بابەتی هەموو میدیاکانی جیهان و سۆزێکی جیهانی بەرهەقی بۆ مەسەلەی کورد و هەوەها فشارێکی زۆریشی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێکهێنابوو کە چۆن بە ئەعسابێکی ساردەوە لە دووری چەند سەد کیلۆمەترێکەوە هێزەکانیان وەکوو تەماشاچی ئەڕواننە قۆناغێکی تری قەسابیکردنی (( گەورەترین گەلی بێ وولات)) . ئەوانە لای ڕژیمی بەعسی دەسەڵاتداری ئەوکات نەبوون بەمایەی بێداربوونەوەی ویژدان بەڵکوو بوونە مایەی بەهێزکردنی گیانی تۆڵە و لەو نێوەشدا کەرکووک و دانیشتوانە کوردەکەی لە عورفی ئەواندا وەکوو بارمتە سەیرئەکران بۆیە شالاوی گۆڕینی دیمۆگرافی لە 1992 بەدواوە قەڵەمبازێکی ترسناکی بەخۆوە گرت. ڕژیم بەدووری نەدەزانی کە کێشەی کورد، کە کەرکووک ناوکی ئەو کێشەیە بوو، ببێ بە بابەتی هاتنە ناوەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گەرچی لای ڕوون بوو کە ئەمریکا ئارەزووی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لەوجۆرەی نیە و بنکەی ئەنجەرلیک لە خاکی تورکیا هێندەی تر بەرچاوی ئەمریکای لێڵ کردبوو. بەهەرحاڵ گەر ئەوە بیانووش بێت ئەوا ڕژیم قۆستیەوە و دوای گفتوگۆکانی لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا ( کە ئێستاش جگە لەسەرانی بەرەی کوردستانی ئەوکات کەس نازانێت چی تیا گوزەراوە ) ویستی بۆ هەموو دانوسانەکانی لەوەدوا لەپێشەوە کەرکووک لە بازنەی گفتوگۆ دەرهاوێ و ئەوەش لە پێشدا پێویستی بە گۆڕینی دیمۆگرافی شارەکە هەبوو بەتایبەتی کە ڤان دێرشتۆیل وەکوو نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکی بوو کە هەر 6 مانگ جارێک ڕاپۆرتی خۆی لەسەر ئەو شوێنانە بدات.

عیززەت دووری وەکوو کەسی دووەمی دەسەڵاتداری ڕژیمی پێشوو زۆر بەوردی و بەئاشکرا ئەم مەرامەی بە وەفدی بەرەی کوردستانی ڕاگەیاندبوو کە لە 1991 دا بۆ گفتوگۆچووبوونە بەغداد. ئەو لەوەڵامی پێشنیارێکی مەسعوود بارزانیدا سەبارەت بە دواخستنی چاری کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان وتبووی : ( گەر محەمەدی کوڕی عبداللە ی پێغەمبەریش زیندووبێتەوە ، حکوومەت هەڵوێستەکانی سەبارەت بە کەرکووک و ناوچەکانی تر ناگۆڕێت) . کرکوک لا 348.

**گۆڕینی ڕژیم و گرێی کەرکوک**

ناکریت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامەکانی گۆڕانی ڕژیم لە 2003 بەدواوە ، بەهەموو ئەو ڕەوەندە تازانەوە کە لەژیانی سیاسیی عێراقدا هێنایە کایەوە بەتایبەتیش کاریگەرییەکانی بەدیاریکراوی بەسەر دۆخی کەرکوکدا ، لە کەیسی ئاڵوزکاوی ئەم شارە تێبگەین . ئەڵبەتە دیسانەوە دەبێ وریای ئەوەش ببین کە ئاڵۆزییەکانی کەیسی کەرکوک ڕیشەی سیاسیی و مێژوویی و کولتووریی لەوەپێشی خۆیشیان هەیە و ناکرێت هەموو لایەنەکانی بگێڕینەوە بۆ کاریگەرییەکانی سیاسەتی ئەمریکا و شێوە و ناوەڕۆکی گۆڕینی ڕژیم لەعێراقدا. بۆیە چ دابڕانی کەیسی کەرکوک لە ڕەهەندە سیاسی - مێژوویەکەی و چ جیاکردنەوەی لە کەش و هەوا سیاسیەکەی پاش 2003 ئاکامەکەی گومڕایی زیاتری بەدوادا دێت.

گۆڕانی ڕژیمی پێشووتری عێراق لە 2003 لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە تەنها گۆڕینی ڕژیمێکی سیاسی نۆرماڵ نەبوو. ئەو ئاڵوگوڕە هەنگاوی یەکەمی ڕووداوێکی مێژوویی گەورەیە کە هێشتا زۆر لاپەڕەی نادیار و لێڵە. لەم قۆناغەدا ئەوە بەتەنها ڕژیمی بەعسی عێراق و سەرکردە و دەسەڵاتە سیاسیەکەی نیە کە دەگۆڕێن بەڵکوو بنەماکانی کایەی سیاسیی و میکانیزمەکانی دەسەڵاتدارەتی سیاسیی و دەوڵەت لەگرێژنەوە دەگۆڕێن .

بەشبەشێنەی ( محاصصة ) تایەفیی و بەخشینەوەی کێکی دەسەڵات بەپێی شوناسنامەی شیعە و سوننە و کورد لەم قۆناغەدا پشت دەبەستێت بە کەلتوورێکی دوور ودرێژ وهەروەها ئاگایانە لەلایەن ئەمریکاوە چ وەک شێوازێک بۆ بەرهەمهێنانی مۆدێلێک لە دەسەڵاتی سیاسی کە بتوانێت دیکتەیتی ئەجێندای خۆی بەسەریدا ئاسان بکاتەوە و چ وەک ڕێگەیەک بۆ گردکردنەوەی بەرەیەکی هاوپەیمان لە ((نوێنەرانی)) مۆزاییکی ئیسنی و مەزهەبی وڵات ، پەنای بۆ براوە. ڕەنگدانەوەی ئەم مۆدێلە لە بنیاتنانەوەی سیستمی سیاسیی عێراق لەکەرکوکدا زیاتر لە هەموو ناوچە و شوێنێکی تر بەرجەستە دەبێتەوە.

هەر لێرەدا گەر بەراوردی بارودۆخی دوای 2003 لەکەرکوک بکەین بە هەلومەرجی هەمان شار لە راپەڕینی 1991 و ئازادکردنی کەرکوکدا زۆر ڕاستییمان بۆ دەردەکەویت سەبارەت بە کەیسی ئاڵۆزکراوی ئەم شارە. بەپێچەوانەی راپەڕینی 1991 کە جووڵانەوەیەکی میللی بوو ، لە2003 بەدواوە پێشبرکێیەکی ئیسنی تیژڕەو دەست پێدەکات بۆ پچڕینی زۆرترین بەش لەدەسەڵات. لەولاشەوە کورد لەسەربنەمای خەروارێک لە پێڕۆکردنی سیاسەتی سڕینەوەی ڕەگەزی کەلەلایەن ڕژێمی نەتەوەپەرستی عەرەبیی پێشووی عێراقەوە لەدژیان پێڕۆکراوە ، بەدنیایەک چاوەڕوانی و لەسایەی جێپێیەکی بەهێز لەهاوکێشە سیاسیەکان لەدەسەڵاتی ناوەندیدا ، خۆیان بۆ زۆرترین یا هەموو بەشە کێکی کەرکوک ئامادە دەکەن. لەلایەکی تریشەوە گەرچی ڕەوتی نەتەوەیی عەرەبیی بەرووخانی ڕژێمی پێشوو گورزێکی کاریگەری بەرکەوتووە بەڵام شۆفینیزمی عەرەبیی دەیان میراتگری نەک تەنها لەناو عەرەبی سونەدا بۆ پەیدابوو ، بەڵکو بەرەیەکی ناوخۆیی عەرەبیی – تورکمانیی - سونیی – شیعی و لەناوچەکەشدا هاوهەڵوێستیەکی سوریی – تورکیی – ئێرانی - عەرەبیی لەبەرانبەر هەر هەوڵێک بۆ گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان سەری هەڵدا. گەر دیسانەوە هەڵوێست سەبارەت بە کەرکوک بکەین بە پێوەر ئەوا بەرەیەکی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی هەمەڕەنگ و زۆر فراوان و بەهێز لەلایەکی هاوکێشەکە و کوردیش بەتەنها لەلاکەی تردا ئەبینینەوە و تەنانەت (( دیبلۆماسیەتی کوردی و حکوومەتی هەرێم )) و ئەو هەموو (( گەشتە )) دەرەکیانەی لایەنە کوردیەکان هێندەی سەلکە تووڕێک دۆست و هاوسۆزیان بۆ داوای ڕەوای کورد لەم جیهانە بەرینەدا پەیدا نەکردووە. دیاربوو ئەمریکاش زۆر وورد دەرسی لەم بەرانبەرکێی هەڵوێستانە وەرگرت و بەتایبەتی وەک نرخێک بۆ ڕاکێشانی سوننە بۆ ناو پروسەی سیاسی عێراق و دڵنەوابیکردنی تورکیا و ڕازیکردنی سوریا بۆ هاوکاری لەمەلەفی عێراقدائەمانیش ئەو حەماسەیان بۆ مادەی 58 و پاشان 140 نەما و زیاتر وەکوو کارتی فشار و مجامەلەکردنی لایەنی کوردی هێشتیانەوە.

بنیاتنانەوەی سیستمی سیاسی عێراق لەسەر بنەمای پێدانی بەشی دەسەڵات بە کۆمەڵێک لایەن و هێزی سیاسی لەسەر بنەمای ڕێژەیەکی سەدی بۆ هەر یەک لەشیعە و سونە و کورد گەر لە ئاستی عێراقدا بەهەزار پینەوپەڕۆ لەچوارچێوەی دەستورێکدا چارەسەربکرێت کە نزیکەی 25 لە گرنگترین مادەکانی دانراون بۆ دەسکاری و هەموویان وەکوو مینی چێنراو قابیلی تەقینەوە بن ، ئەوە کە ئەگاتە کەرکووک ئیتر وەکوو پەڕینەوە لە (( پردی سیرات!! )) وایە ، واتە سەختی و دژواریەکەی چەند بەرابەر ئەبێتەوە. لێرەدا ئەبی ئەو ڕاستیەش نەشارینەوە کە لەکەرکوکدا بەرانبەرکێی ئیسنۆناسیونالیستی سیمای سیاسی زاڵی شارەکەیە بەڵام بەدوای ئەودا ململانێی دینی و مەزهەبیی نێوان سونە و شیعە و ئیسلام و مەسیحی دێن کە ئەوانیش بەئەندازەی سەرهەڵدان و زیندووبونەوەیان لە شوێنەکانی تری عێراقدا لەکەرکوکدا بوونە بە شوناسی ئەمڕۆی خەڵک وئەوەی کەرکووک جیا ئەکاتەوە ئەوەیە کە بەرانبەرکێ و شوناسی نەتەوەیی دەرکەوتنی ئەوەکانی شاردۆتەوە یا دواخستوە بۆ کاتی گونجاو یا پێویستی خۆیان.

### ئاماری 1957 و گەڕانەوە بۆی ، بۆ ؟

ئاماری ساڵی 1957 لە زۆربەی گفتوگۆکانی لایەنی کوردی و ڕژێمی پێشووی بەعس و حکوومەتی ئێستادا وەکوو مەرجەع تەماشا ئەکرێ و هێمای بۆ ئەکرێت. بۆیە ئەڵێم گفتوگۆکانی نێوان ڕژێمی بەعس و حکوومەتی ئێستای عێراق چونکە

لەڕاستیدا لە پێش ڕێکەوتنی 11 ی ئازاری 1970 لە هیچ یەک لەگفتوگۆکانی پێشتردا ئاماژەیەکی ئەوتۆ بە مەسەلەی ناوچەی کوردستان بە دیاریکراوی و سنووری ئەو ناوچانەی کە ئەبێ ئەو ڕێکەوتنانە بیانگرێتەوە بەرچاوناکەون.

منذر الفضل لە باسیکدا بەناوی ( حقوق الانسان و التنوع الاثني لسكان كركوك ) لەسەر مەسەلەی ڕیژەی دانیشتوانی پێکهاتە ئیسنیکەکانی کەرکووک ئەڵێ : ( بەپێی ئاماری ساڵی 1957 ڕێژەی دانیشتوانی کورد لەشاری کەرکووکدا بریتی بوو لە 48،3 % و ئەم ئامارەش کرا بە بناغە لە بەیانی ئازاری 1970 دا . بەڵام بە هۆی سیاسەتی تەعریب و پاکتاوکردنی ڕەگەزیەوە ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە ئاماری 1977 دا کەمبووەوە بۆ 37،33 % . هەرچی تورکمانە ئەوە لەیەکەمدا ریژەیان 21،5 % بوون بەلام لە ئاماری 1977 دا بوون بە 16،31% . ) کرکوک : ص 653 .

دەسنیشانکردنی ئاماری 1957 لەوبارەوە چەند بایەخی هەیە لەوانە :

1 / یەکەمین ئاماری دانپیانراوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا کە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ و بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتیەکانی زانستی ئامار ئەنجام درابێت.

2 / لەو کاتەدا لەبەر زۆر هۆ هێشتا هەوڵێکی فراوان و ڕێکخراو لەئارادانەبوو لە بواری گۆڕینی سیمای دیمۆگرافی شاری کەرکووک و دەوروبەری.

3 / سەرجەم ئامارەکانی تر بەتایبەتی 1977 و 1987 وررد نین و بگرە دەسکاری کراون و لەکاتێکدا ئەنجام دراون کە پرۆسەی تەعریب لەم شارەدا بەتایبەتی لەگەرمەیدا بووە .

4 / ئەو شاڵاوی ڕووتێکردنەی کورد لە دێهاتەکانی هەمان شارەوە ، واتە لە ناوچەکانی لیوای کەرکووکەوە بۆ ناو شاری کەرکووک ، کە وەکوو ئاکامێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و گەشەی ڕەوتی شارنشینی هەموو عێراقی گرتەوە، دوای ئەم ئامارە و بەتایبەتی ساڵانی 58 – 59 دەستپێئەکات.

**کەرکووک : شاری زێڕی ڕەش !!**

لەهەموو قۆناغەکانی کێشمەکێشە سیاسییەکاندا و هەروەها لە گفتوگۆکانی نێوان دەسەڵاتی ناوەند- بەغداد و لایەنی کوردییدا مەسەلەی چاڵە نەوتەکانی کەرکوک ڕاستەوخۆ یا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بووە بەگرێ و ڕێگریی بەردەم گفتوگۆکان یا سێبەری قورسی بەسەر کەش وهەوای گفتۆگۆکانەوە داناوە و زۆرجار لەسەر هەموو شتێک ڕێککەوتوون مەسەلەی کەرکوک نەبێت. بەبێ چارەسەرێکی گونجاو بۆ نەوتی کەرکوک، چارەسەری کێشەی ئەم شارە هەرگیز کۆتایی نایات. ئەمەش بۆ خۆی بەشێکە لە کێشە قووڵەکانی ئابووریی سیاسی و قورسایی داناوە لەسەر هەر هەوڵێک بۆ چارەسەری سیاسیی بۆ کەرکوک.

لە هەموو عێراق و بەتایبەتیش لەکەرکووکدا قسەیەک هەیە سەبارەت بەنەوت کە وەکوو فۆلکلۆر ئەوترێتەوە. کاکڵەی ئەو قسەیەش ئەوەیە کە نەوت لە سامانێکی سروشتی بەکەڵک وفەڕی زۆرەوە بۆ دانیشتوانی کەرکووک ( و عێراق بەگشتی ) بووە بەبەڵا و کراوە بە سەرچاوەی خەرجی کوشتار و ڕاگوێزانی زۆرەملێ و چەشتنی تاڵاوی هەمەجۆر بۆیان. دیارە ئەوانەی ئەو قسەیە ئەکەن باش ئەزانن کە ئەوە نەوتەکە خۆی نیە کە گری لەماڵ و ژیانی ئەوان بەرداوە بەڵکوو ئەو دەوڵەت و ڕژیمەیە کە نەوتەکەی بۆ وەها مەبەستێک بەکارهێناوە.

گۆڕینی ئەم فۆلکلۆرە و ئەم مۆدێلە بۆ بەکارهێنانی نەوت بۆ مۆدێلێکی پێچەوانە بەستراوەتەوە بە هاتنەئارای سیستمێکی سیاسی کە پابەندی تەواو بێت بە عەدالەتی کۆمەڵایەتیەوە کە جێی باسی ڕاستەوخۆی ئەم توێژینەوەیە

نیە. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە هەتا ئەو سیستمە بەرپادەبێت هەمان گەمەی نەوت و سیاسەت و دیالکتیکی نەوت و بەدبەختی هەروا درێژەی هەبێت. ئەمە بۆ کەرکووک ڕاستەوخۆتر ئەچێتە ناو کایەی چارە جیاوازەکان و چارەنووسی نزیکی ئەم شارە و کەیسی ئاڵۆزکراویەوە.

لەو ڕوانگەیەوە داڕشتنی پلانی مارشاڵێکی ستراتیجی و گەورە و هەمەلایەنە بۆ نەوتی ئەم شارە دەتوانێ ڕۆڵی نەوت لەو سەرچاوە سروشتیە قێزەونەوە بگۆڕێت بە دەرمانی چاری زۆرێک لەکێشەکانی لەوەوپێش و ئێستای کەرکووک.

ئەکرێ لەم ڕووەوە ڕێژەیەکی 5 - 10 % داهاتی نەوتی ئەم شارە بخرێتە سنووقێکی تایبەتەوە کە بۆ ئیستیسماراتی ستراتیجی و بەرنامەی مارشالی پێکەوە ژیانی ئەم شارە تەرخان بکرێت بۆ ماوەیەک 10 ساڵە . دانانی هەیئەتێکی سەربەخۆی باڵای هەڵبژێردراو کە پێکهاتبێت لە نوێنەرانی ئەنجومەنی شارەوانی داهاتووی کەرکووک و ونوێنەرانێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی و بەهاوکاری ڕێکخراوی گەشە و پەرەپێدانی سەربەنەتەوەیەکگرتوەکان وکۆمیسیۆنی ئەورووپی ئەتوانێت بەدانانی پلانێکی گەشە و بووژاندنەوەی 5 - 10ساڵە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری گونجاو پێکبێنێت بۆ خاوکردنەوەی تورتی پەیوەندیەکانی نێوان ئیسنیکە جیاوازەکانی ئەم شارە.

من پێموایە بەبێ بوونی پرۆژەیەک و پلانێکی ئابووری – کۆمەڵایەتی زۆر گەورە کە پشتی بە بودجەیەکی مەزن بەستبێت ، ئەستەمە بەتەنها لەسەرەوە و بەرێگەی سیاسیی ڕووت چاری ئەم کەیسە ئاڵۆزە بکرێت. ئەو هۆیانە ئەتوانن سەرنجی خەڵکی ئەم شارە ببەنەوەسەر هاوژیانی و تەبایی و پیکەوەژیان بەشێوەیەکی تۆکمە و واقیعی کە پێی لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش داکوتابێت نەک بەرانبەرکێی نەتەوەیی و بیانووداتاشینی ئایدیۆلۆژی بۆی.

سەرباری بەڵێن و وپەیمانەکانی لایەنی کوردیی سەبارەت بەوەی کە ئەوان هیچ کات مەرامی جیابوونەوە لەمێشکیاندا نەبووە و نییە بەڵام لایەنی بەرانبەر هەمیشە پێیوابووە و ئەوەی ڕەواج پێداوە کە لەپشتی داواکردنی کەرکوک لەلایەن کوردەکانەوە خولیای سەربەخۆیی ڕاوەستاوە. لەڕاستیشدا و سەرباری ئەوەی کە ئەو پێداگریەی ناوەندە نەتەوەییەکانی عەرەب لەسەر مەسەلەی جیابوونەوە و شیوەی تێڕوانین بۆ ئەو مافەی کورد بەشێوەیەکی زۆر نێگەتیف وهەروەها ناوزڕاندنی کورد لەناوەندە عەرەبییەکاندا بە (( جیاوازیخواز !!)) ، هیچ جۆرە شەرعیەتێکی یاسایی ومۆراڵیی نەبووە ، بەڵام بوونی یەکێک لەدەوڵەمەندترین کانگا نەوتییەکانی جیهان لەخاکی ئەم شارەدا هێندەی تر ئەم کێشەیەی ئاڵوزکردوە.

تاقیکردنەوەی کەمی دوای 2003 یش ئەو ڕاستییەی نیشاندا کە هێزە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیی چۆن دەمیان ئاوی کردووە بۆ نەوتی کەرکوک و سیحری ( زێڕی ڕەشی ) کەرکوک چۆن سەرمەستی کردوون. ئەم پێداگریەی هێزەکانی ئێستای بزووتنەوەی کوردایەتی لەسەر کەرکووک پێناچێت هیچ هەوایەکی جیابوونەوەخوازی لەپشتیەوە وەستابێت بەڵام بەڕاستی بۆنی نەوت چووە بەلووتیاندا و ناردنەدەرەوەی سەدان هەزار بەرمیل لەنەوتی کوردستان بەبێ چاودێری و ئاگاداری هیچ مەرجەعێکی یاسایی و حکوومیش لەکوردستاندا هێندەی تر ئەو گریمانە بەهێز ئەکات نەک ئاواتی جیاییخوازی. ئیدارەکردنی مەلەفی نەوت لەناو هەرێمی کوردستان ودیزەبەدەرخۆنەکردنی بەشی زۆری داهاتی ئەم سامانە سروشتییەی وڵاتەکە و سەرجەم کێشەکانی بابەتی بودجە لەکوردستان وجەڕاندنی مەلەفی نەوت لەنێوان دەسەڵاتدارەتی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکەی نوری المالیکیدا هەموویان گەواهی لەو ڕاستیە ئەدەن کە بۆنی نەوت دەمێکە چووە بەلووتی هەردوو هێزی دەسەڵاتداری کوردایەتی لە کوردستانی عێراقدا وچۆن نەوت و دەسەلات بەپەیوەند بە مەسەلەی کەرکوکەوە لەیەکدا تواونەتەوە. لەمبارەوە بڕوانە : ئەدیس بینرۆز : العراق ؛ دراسة في علاقاته الخارجية . 1915 – 1975 . ترجمة : عبدالمجید حسیب القیسي . ص23 .

دیارە ئاوڕدانەوە بۆ مێژووی کۆنتری کەیسی کەرکوک دیسانەوە بایەخی مەسەلەی نەوت و قورسکردنی ئەو کەیسە دەسەلمێنێت.

لە هەڵلا بەناوبانگەکەی نێوان کوردەکان و تورکمانەکان لەساڵی 1959 لەکەرکوکدا و بەوهۆیەوە کەئەوکات مەسەلەی کورد بەگشتی مۆرکی بەرەی شیوعیی و چەپ بەسەریدا زاڵ بوو، کۆمپانیای نەوتی عێراق IPC لەکەرکوک بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لایەنگریی بەرەی سیاسیی تورکمان و شۆفینییە عەرەبەکانی ئەوکاتی دەکرد. دیارە ئەوکات قیبلەنومای کورد ڕوو لەبەغدا بوو و بەهۆی ئومێدی زۆری کورد بە حکومەتی تازەی عبدالکریم قاسم و هەروەها بەهۆی نفوزی زۆری حیزبی شیوعیی لەناو بزوتنەوەی سیاسی کورد، جگە لە کاڵیی دیسکۆرسی نەتەوەپەرستیی عەرەبیی لای عەبدولکەریم قاسم و دەسەڵاتدارەتی 14 ی تەمووز ؛ شیعاری جیابوونەوە ومەیل بۆی لەناو گەلی کورددا هێزێکی ئەوتۆی نەبوو . بەڵام ئەوکات مەسەلەی کەرکوک و گشت مەسەلەی کورد دیسانەوە لەڕووی بابەتیی و خودیەوە گرێێ خواردبوو لەگەڵ کێبڕکێی لەسەر مەسەلەی نەوت لەنێوان حکومەتی نیشتمانیی تازە لەسەرکاری قاسم و دەوڵەتی بەریتانیا کە تازە ڕژیمی پاشایەتی هاوپەیمانیان لە عێراقدا ژێرەوژورکرابوو. بەو جێگەوڕێگەیەوە کە کەرکوک لەڕوی ئابوریەوە هەیبوو دیارە کە کێشەکەشی بەتوندی لەگەڵ سەرجەم ئەو ململانێ ئابورییەدا ( نەوت ) تێکەڵ ببوو.

**مادەی 140 : ژووری ئینعاش!!**

ئێستا بۆ سەرسەختترین لایەنگری جێبەجێکردنی ماددەی 1940 یش دەرکەوتووە کە بەتایبەتی لەدوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی 2-3 ساڵی ڕابووردوو هەروەها پاش دەرکەوتنی هاوکێشە تازەکانی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی 2010 ، جێبەجێکردنی ئەو مادەیە و چاری مەسەلەی کەرکوک بەپێی ئەو ، دژوارتر بووە لە جاران.

جێبەجێکردنی مادەی 240 ی دەستووری ساڵی 2005 ی هەمیشەیی عێراق پێویستی بە دەستەیەک بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریش هەیە کە لانی کەم ئەوانەی بەتەنیا بەشاری کەرکوک بگەڕێنەوە هەندێکیان ئەژمێرم :

1/ ئاستێکی مام ناوەندی لە متمانە و هەستی هاوبەش و چەندلایەنەی پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتە ئیسنیکەکانی شارەکە وەکوو خەڵک ، بەدەر لە هێزە سیاسیەکان.

بەهەر هۆیەکەوە بێت ئێستا ڕایەڵ و پۆی ئەو متمانە و پەیوەندیە پێویستە لەئارادا نیە یا ڕاستترە کە بڵێین لاوازە وبەئەندازەی پێویست نیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە و قبووڵکردنی ئاکامەکانی بەشێوەی ئارەزوومەندانە.

2 / تەوافقێکی سیاسی ئەوتۆ لەنێوان هێزە سییاسیەکانی ناو شارەکەدا نیە بەتایبەتی ئەو هێزانەی کە زۆرترین دەنگیان لەم هەڵبژاردنەی دواییدا هێنا کە بریتین لە هاوپەیمانی کوردستانی و العراقیة . بەدیهاتنی تەوافقی سیاسی نێوان هێزە سیاسیەکان و لەنێوانیاندا ئەو 2 لایەنە مەسەلەیەک نیە کە تەنها لەسەر کەرکوک ببڕێتەوە بەڵام ڕیککەوتن لەسەر مەسەلەی کەرکوک لەهەموو مەسەلەکانی تر گرانترە لە نێوان ئەو دوو لایەنە و سەجەم 4 لایەنە سەرەکیەکانی براوەی هەڵبژاردندا.

3 / گەر لایەنی کوردی ، کە تەنیا لایەنە سوور بێت لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە ، بیتوانیایە متمانەی تورکمانی کەرکوک یا زۆربەیان ڕابکێشێت و نیشانی بدات کە بەرژەوەندی هاوبەش و گەشە و ماف و داهاتوویان ، لەسایەی هەرێمی کوردستاندا زیاتر زامن ئەبێت ، ئەوکات ڕێگرێکی گەورەی بەردەم ئەم مەسەلەیە لائەچوو بەڵام تا ئێستا هێزە

کوردیەکان فرسەتی پێویستیان لەدەست داوە و بەسیاسەتی دروستکردنی هێزی تورکمانی کارتۆنی و تاکڕەوی سیاسی و تەنانەت ناتەبایی نێوان یەکێتی و پارتی لەم بوارەدا ، دەرفەتی ئەو کارەیان لەدەست دا.

4 / پایگای ئەو رێگە چارەیەی کە مادەی 140 ئەینەخشێنێ لەناو خەڵکی کوردی کەرکووکدا لاواز بووە . ئەوان بەچاوی بەدبینی وگومانەوە ئەڕواننە دەسەڵاتدارەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی و هەروەها دەیان هەزاریان تاڵاوی ماوەی چەندین ساڵەی ئاوارەبوون لە سلێمانی وهەولێر بەقووڵی کاری لەویژدانی سیاسیان کرد کاتێک ئەوان لەجەرگەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ولەهلومەرجێکی زۆر سەختدا جگە لەبەکارهێنانیان وەکوو کارتی سواڵی دوەلی سادەترین دەردیان تیمار نەکرا .

5 / راستە بەهۆی بەرجەستەبوونی شوناسی نەتەوەیی لای کوردی کەرکوک پێداگری هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادەیە بەڵام لەولاشەوە هەژاری و بێخزمەتی و نەداری و بی خانەولانەیی و ئاوارەیی ناوخودی شارەکە و دەیان دەرد و بەڵای کۆمەڵایەتی تر بۆ خەڵکی ئەم شارە مەسەلەن و سەیر نیە گەر بەشێکی بەرینی خەڵکەکەی گەڕانەوە بۆ سەر هەرێم یا مانەوە بە گرێدراوی بەبەغداوە گرێ بدەنەوە بە ڕادەی چاری هەموو ئەو نەهامەتیەی کە لەگەڵیدا دەرگیرن.

6 / پاشەکشەکردن و لاواز بوونی ئەو ڕەوتەی لەناو شیعەکانی شارەکانی خواروی عێراقدا خوازیاری فیدرالیەت و هەرێمی خوارووی عێراق بوون . ئەمرۆ هەم ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی کە داواکاری یەکەمی پرۆژەی فیدرالی جنووب بوو لەڕووی پایگا و هێزەوە لەناو شیعەکان پاشەکشەی سیاسیی کردووە و هەم لایەنگری بۆ فیدرالیەت جگە لەکوردستان بەگشتی زۆر کزتر بووە. ئەو ڕەوتە کاریگەری هەبووە لەسەر کەم بایەخدان بەکەیسی کەرکووک گەرچی من پێموایە یەکێک لە هەڵە کوشندەکانی لایەنی کوردستانی لە 10 ساڵی ڕابووردوودا ئەوە بووە کە لەلایەکەوە مەسەلەی کوردیان تێکەل بە مەسەلەی تایفیەت کردوە وئێستاش پێیان وایە بە دنەدانی زیاتری گیانی تایفیەت لە عێراقدا شانسی داخوازی فیدرالیەت بۆ کوردستانیش زیاتر ئەبێ . پارتی و یەکێتی ، بەشیوەیەکی ناشیانە مەسەلەی کورد و پرۆژەی فیدرالیەت ، کە بۆ چاری مەسەلەی کورد باشە ، تێکەڵکرد بە زەلکاوی کێشەی نێوان سوونە و شیعە و داخوازی هەرێمی شیعی جنووب وبەوەش مەسەلەی کوردیان لەوتان و تا ڕادەیەکی زۆر بردیانە ناو بازاڕی سیاسەتی تایفی عێراقەوە بەمەرجێک کێشەی کورد لەڕووی سیاسی وبابەتیەوە زۆر جیاوازە لە کێشەی دواکەوتوانەی شیعە و سوونە.

ئەڵبەتە ئەوانە بەشێک لەو فاکتەرانەن کە پەیوەندیان بەناوخۆی شارەکە و هێزە سیاسیە دەرگیرەکانی ناویەوە هەیە. خۆشکردنی کەش وهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بۆ چاری ئەم کێشەیە نیازی بە ناکام کردنەوەی ئەو بار و هەوا بارگاویە هەیە کە لەئاکامی دەستێوەردانی ئیقلیمی و بەتایبەتی دەستێوەردانی تورکیا و سوریا پێکهاتووە . بەبێ ناکامکردنەوەی هەوڵی هەندێ لایەنی سیاسی تر بۆ دەسڕاکێشانی هەر دەوڵەت و هێز و لایەنێک لەهەر سووچێکی ئەم دونیا فراوانەدا کە خۆشی بە کورد نایات بۆ ناو داڵانەکانی ئەم شارە ، چاری کەیسی کەرکووک زەحمەتە. پووچەڵکردنەوەی ڕۆڵی چەندین لایەنی وەکوو تەییاری الصدر کە لەجیاتی یاسا و مەرجەعی حکوومی بووە بە مەرجەع و پەنا وهاندەر بۆ دەیان هەزار لەو هاوردانەی خوارووی عێراق بۆ کەرکووک پێویستیەکی بنەڕەتیە بۆ هەر ڕێکەوتنێکی سیاسی بۆ بووژاندنەوەی مادەی 140 .

### کەواتە کەرکووک بەرەو کوێ؟

بەو مانایە گەر ئەوەمان لا بسەپێت کە مادەی 140 کە خۆی ڕیگری زۆری لەبەردەمدا بوو ، ئێستا ئەو ڕێگریانە دوو بەرابەر بوونەوتەوە ، چی بکرێت باشە؟.

من پێم وایە پێداگرتنی لەوە زیاتر لەسەر جێبەجێکردنی مادەی 140 لەڕێی هەمان ڕەوال و میکانیزمی جارانەوە ، ئەوەندەی تر ئەو  تەم و مژانە زیاتر ئەکات کە لە قۆناغی پێشوودا دەوری ڕەوتی جێبەجیکردنی مادەی ناوبراویان تەنیبوو. هەر پرۆژەیەک ، گەر زۆربەی نەتەوە و پێکهاتەکانی شارەکە لەسەری کۆک نەبن و ( ئیجماعێکی ) جەماوەری پێویست لەدەوری نەبێت ، شانسی لەدایک بوونی سروشتیی نیە. ئەکرێ ( بەهەر حاڵ ) لە حساباتی سیاسیدا خەتێک بهێنی بەسەر فلانە لایەن و هێز و حیزبی سیاسیدا بۆ چاری مەسەلەیەکی وەها هەستیار بەڵام بەو مەرجەی هەستی لانی کەمی سەرجادەی پێکهاتە ئیسنیکەکانت لەئاستی جەماوەریدا ڕاکێشابێت. هەموو قسەکەشمان لەسەر چارێکی ئینسانی و مودرین و شارستانیە بۆ ئەم کێشەیە نەک مۆدێلی بۆسنە و سرب و کرواتەکان و کۆشتاری بەکۆمەڵی خەڵک لە یۆغسلافیای جاران لە 1994 دا.

لەڕاستیدا پاژنەی ئاشیلی مادەی 140 بریتیە لەو بارودۆخەی کە زاڵ بوو بەسەر عێراقی ئەو کاتەدا. بەڵام ئەم مادەیە ، سەرباری هەر سەرنجێک کە لێرە و لەوێ لەسەری هەبن ، ئێستاش لەناو سەرجەم ئەو پرۆژە و ڕێگایانەی تردا کەلە لایەن و هێز و دەوڵەتانی جوراوجۆر لە 2003 بەدواوە سەبارەت بەچاری مەسەلەی کەرکووک باسیان لێکراوە، باشترینیانە.

ئەم مادەیە میکانیزمێکی سیاسی و ئارام ، لەڕێگەی گفتوگۆ و دانوسانەوە، بۆ چاری کێشەیەک ئەکاتەوە کەلەوەپێش بەڕێگەی زەبر و زەنگ و سەپاندنی گۆڕینی دیمۆگرافی لەبەر خاتری مەرامی سیاسی و ئیسنیکی تایبەت ، مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. ئەوە خۆی ئاڵوگۆڕێکی چۆنایەتی باشە لەعەقلی سیاسی دا. لێرەدا ڕیزگرتن لەماف و داخوازیە ڕەواکانی دانیشتوانی ئەم شارە ، بەدەر لەپێکهاتەی ئیسنیکی و ئاینی و مەزهەبیان ئەبێ سەرمەشقی هەر ڕێگە و شێوازێکی چارکردنی ئەم مەسەلەیە بێت. بەڵام ئەوەندەی کە بگەڕێتەوە سەر باسی هێنانە ئارای کێشەی کەرکووک بەپەیوەند بەمەسەلەی کوردەوە، ئەوە یەکەمین جاربوو کە لانی کەم لەسەر کاغەز و بەفۆرمی نووسراو و لەوەش گرنگتر لەدەقێکی گرنگی وەکوو دەستوری هەمیشەیی عێراقدا ، نەک دان بنرێت بەمافەکانی گەلی کوردا ، بەڵکوو لەهەمووی گرنگتر دان بنرێت بە دیاریکردنی سنووری ئەو ناوچانەدا کە چوارچێوەی ڕەسمی هەرێمی کوردستان پێکدێنن. جگە لەوەش و دیسانەوە هیچ نەبێ بەفەرمی، ئەم مادەیە لەکاتێکدا دانراوە کە بەڕێوەبردنی فایلی عێراق لەئەستۆی کۆمەڵگای نێوەدەوڵەتی بووە وئەم وولاتە مەحکووم بووە بە مادەی 7 ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرەنجامیش 80 % خەڵکی عێراق لە ڕیفراندۆمێکدا ئازادانە و بەبێ فشار دەنگیان پێداوە. من پێموایە لەڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە و مادام کە لەکاتێکدا مۆرکراوە کە عیراق مەحکوم بوە بە مادەی 7 ، ئەبێ لەهەر سیغە و تەعدیل یا ڕێکەوتنێکدا بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادەیە ، مادەی 7 ی نەتەوە یەکگرتوەکان وەکوو مەرجەع و ریفیرینس بۆ پاڵپشتی بهێنرێتەوە.

بەو هەموو مانایانەوە ئەبێ ماددەی 140 نەک هەر پارێزگاری تەواوی لێبکرێت و وەکوو خەتێکی سوور هیچ ( تەفریتێکی ) پێنەکرێت، بەڵکوو ئەبێ پاڵپشتی بکرێت بە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی یاسایی و دەستوری بەتایبەتی کە هێشتا دەرگا بەسەر تەعدیلاتە دەستوریەکاندا دانەخراوە.

بەڵام وەکوو ووتم کێشەکە لەسەر چۆنیەتی کارا کردنەوە ودەرهێنانی ئەم مادەیەیە لە ژووری ئینعاش کە ئێستا تیا کەوتوە، یا گەر ووردتر بیڵێم ئێستا باسەکە هاتۆتە ئاستی چارەسەرکردنی چارەنووسی جەڕێنراوی ئەم کەیسە سیاسیە هەستیارە.

جارێ بەدەر لەهەر وردە حساباتێکی تەسکی ئەم یا ئەو لایەن ، ئەبێ ئەوە باش بزانین کە یەکەمین ڕێگر بۆ ساغکردنەوەی چارەنووسی کەرکووک لەو چوارچێوە دەستوریەدا کە 80 % خەڵکی عێراق بە هەموو پێکهاتە ئیسنیکیەکانیەوە دەنگی بۆ دا ،بریتیە لە دەستێوەردان و هاندانی هەندێک حیزب و لایەنی سیاسی عەرەبی و تورکمانی شۆفینی بەدیاریکراوی لەلایەن تورکیا و سوریاوە . من لێرەدا ناتوانم بڵێم کە ئەو هێز و لایەنە سیاسیانە هێزیان لەناو

گەل و خەڵکی عەرەب و تورکمانی ئەم شارەدا نیە ، بەڵام بەبێگومان ئەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەو جۆرە هەڵوێست و سیاسەتانەیان خزمەت بەبەرژەوەندی عەرەب و تورکمانی شارەکە و گشت عیراق ناکات. لێرەدا و وەکوو لەچەندین شوێنی تری ئەم باسەدا وتوومە هیچ کەسێکی بەویژدان و سەربەخۆ ناتوانێ هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستانی بێبەری بکات لە گیان و سیاسەتی شۆفینی و پاوانخوازی تەسک بەڵام تێکەڵکردنی کەرتەکان لەمەسەلەی ئەم شارەدا زیانی زۆری بەدواوە ئەبێت و ئەکرێت ئەوان وەکوو کەمتەرخەم یا هەڵپەی دوای بەرژەوەندی حیزبی خۆیان تاماشابکرێت و دەیان تانەی تریان لیبدرێت نەک تەنیا بەپەیوەند بەکەرکووکەوە بەڵکوو لەسەرجەم سیاسەت و هەڵوێستەکانیاندا بەڵام ئەوەی ئوباڵی کەیسی کەرکووک بخرێتە ئەستۆی ئەوان ئەوە ڕاستەوخۆ پاککردنەوەی فایلی شۆفینیزمی عەرەبی و تورکمانی و قین لەدڵی ئاشکرای تورکیا و سوریا و ئێرانە بەرانبەر بە گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچەکانی تر بۆ سەر کوردستان.

کرۆکی مەسەلەی کەرکووک لەهەر لایەکەوە بۆی بڕوانیت ئەم چەند پرسیارە ڕەوا و بابەتیە دێنێتە ئاروەە:

یەکەم : ئایا ئەو واقیعەی لەکەرکووکدا هاتۆتە دی بەرهەمی سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافی نەبوو کە لەلایەن بەعسەوە بەشێوەی سیستماتیک و بەدیاریکراوی و سەرەتا بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوانی کورد و پاشان لەدرەنگتردا بۆ گیان تورکمانەکانیش جێبەجێکرا؟

دووەم : ئایا سووتەمەنی ئەو بەرنامە و نەهجە دانیشتوانە کورد و تورکمانەکەی کەرکووک نەبوون؟

سێیەم : ئایا گەلی عەرەب لەم وڵاتەدا ، کە ئەوانیش تووشی جەربەزەیی هەمان دیکتاتوریەت هاتبوون ، بە پێچەوانەی ویستی خۆیان، لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری پێشووەوە ناویان نەلکێنراوە بەو سیاسەتە بۆگەنەوە وسومعەیان بە بارمتە نەگیرابوو ؟

چوارەم : ئایا لەجیاتی ئەو دەیان هەزار خێزانە کورد و تورکمانەی کە لەکەرکووک دەرکراون، لە خواروو و ڕۆژئاوای عێراقەوە بەهەمان ئەندازە یا زیاتر ، خەڵکی تەنها عەرەب نەهێنراوەتە جێگەیان و ئەوان لانی کەم نەکراون بە مقاشی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە جا بەزۆر بێت یا ئارەزوومەندانە؟

پێنجەم : ئایا هەموو لەسەر ئەوە ڕێک و تەبا نین کە ئەو کردەوە و سیاسەتانەی ڕژێم ڕەنگدانەوەی خولیا و حەز و ئارەزووی گەلی عەرب نەبوو لە عێراقدا بگرە یەکێک لەمەبەستەکانیشی نانەوەی دووبەرەکی بووە لەنێوان هەموو گەلانی عێراقدا بەمەبەستی مانەوەی تاقمەکەی خۆیان لەدەسەڵاتدا؟

گەر ئەو پرسیارانە خولیای مێشکی هەموو کەسێک بێت کە گوێ بەو مەسەلەیە ئەدا و کاریگەری لەسەر دائەنێت و خەمی ئەوەیەتی کە نەخوازەلا بەهۆی ئاشوب و فیتنە و دەستێوەردانی ناحەز یا نەزان یا کەللەوشکێکی نەتەوە پەرستەوە ئاشووبێکی وەکوو بۆسنە و هەرسک هەڵگیرسێ و گیانی دەیان و سەدان ببێت بەقوربانی وپاشان لەحیمکردنەوەی جەمسەرەکانی برایەتی و هاوژیانیی هاوبەشی نێوان کەرکوکیەکان بۆ دەیان ساڵی تر بڕواتە دواوە، کەواتە سەرەنجامی مەنتیقی ئەو خولیا ئینسانیە ئەبێ لە شوێنێکدا بگیرسێتەوە.

**کەواتە** :

یەکەم : ناکرێ پاشماوەکانی ڕژێم لەگشت عێراقدا پاکتاوبکرێت بەڵام کە بگاتە دەروازەکانی کەرکووک لەوێدا بوەستین و بیانوو دابتاشین بۆ یەکێک لە دڕندانەترین سیاسەتی ڕژیمی پێشوو. لێرەدا جگە لەلایەنە سیمبولیکیەکەی ، قسە لەسەر

سیاسەتێکە کە هیچ جۆرە پاساوێک هەڵناگرێ و قوربانیەکەی دەیان هەزار کەسن کە ڕووخانی ڕژیم بۆ ئەوان پێش هەر شت یانی ڕیشەکێشکردنی ئەو پاکتاوکردنە ڕەگەزیەی کە بۆ مەرامێکی شۆفینی زۆر زەق جێبەجێکرا.

دووەم: گەر ئەوتریٚ تەعریب و ....تاد بەرهەمی سیاسەتی بەعس بوون و هاوردەکانیش قوربانین و بەزۆر هێنراون ئەوکات عەقڵی سەلیم وا حوکم ئەکات کە: ئێستا ترسێک لەئارادا نەماوە و ڕژیمی پێشوو ئاسەوارێکی نەماوە بۆیە وا باشترە کە ئەوانیش بەوپەڕی ڕێزەوە بگەڕێنەوە زێدی باوباپیرانیان و ڕێ لە هەڵگیرسانی هەر ئاشوبێک بگیرێت.

سەرچاوەی ئاشووب بەپێی سادەترین مەنتیق درێژەدانە بەهەمان سیاسەت و بیانووهێنانەوەیە بۆی نەک پێداگرتنی خاوەن هەق لەسەر گەڕانەوەی بۆ سەر ماڵ و موڵکی خۆی لەچوارچێوەی یاسادا ئەویش دوای قەبوولکردنی 15 – 20 ساڵ ئاوارەبوون و بێخانەولانەیی.

سێیەم : سادەترین مانا و پێناسی دیموکراتیەت بریتیە لەگەڕانەوە بۆ ڕای خەڵک .

ئەو هێز ولایەنە سیاسیانەی ناوخۆی عێراق کە نارازین بە جێبەجێکردنی مادەی 140 یا ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەر، لە ورد و درشتی پێشهات و ڕووداوی ئەجیندا سیاسیەکانی عێراقدا پێدائەگرن لەسەر میکانیزمی هەڵبژاردن و گەڕانەوەی بۆ ڕای خەڵک و عیراقیەکان خۆیان بەڵام کە کار ئەگاتە کەرکووک و ڕێکخستنی ڕیفراندۆمێک بۆ بڕیاردانی خەڵکەکەی سەبارەت بەداهاتووی شارەکەیان ، ئەوە هەر هەمان هێز و ئەحزاب و دەوڵەتان زۆر سادە و ئاسان ئەو پرەنسیپە سیاسیە ئەنێنە لاوە و باس لە مەترسی جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستووریە ئەکەن و وای نیشان ئەدەن کە گەر کەرکووکیەکان ئەو مافە سادەیەیان بەکاربێنن شەڕی مەغلووبە یا جەنگی جیهانی سێیەم ئەقەومێ.

لەڕاستیدا ئەوە ناوێکی تری نیە جگە لەسیاسەتی بانێک و دوو هەوا!!.

ئەو هێز و لایەنانە نارازین بە گەڕانەوە بۆ سەرژمێری 1957 ، نارازین بە سازدانی سەرژمێر لەژێرچاودێری ناوەند و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان ، نارازین بە گەڕانەوە بۆ میکانیزمی ڕیفراندۆم و لەدژی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شارەکەن بۆ پێش سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی بێوێنەی ڕژیمی پێشوو و... تاد ، و لەبەرانبەریشدا ئامادەی هەر جۆرە هاوپەیمانی و ڕێوشوێن و هەوڵوێستێکن کە لەناو هەموو مادەکانی دەستووری عێراقدا بەتەنها مادەی 140 پووچەڵبکاتەوە یا بەجۆرێک تەعدیلی بکات کە پاشماوەی ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەی ڕژیمی پێشووی بەعس بهێڵێتەوە و لەوپێناوەشدا ئامادەی هاوکاری و دەستێکەڵی لەگەڵ شەیتانیشدان. ئەوە ئیتر لووتکەی دوڕوویی سیاسی و مۆراڵی و نیشاندەری دوژمنایەتیەکی کوێرانەیە بۆ یەکەمین قوربانیەکانی ڕژیمی پێشوو.

بەبارەکەی تریشدا ، گەر دوای ڕووخانی ڕژیمی بەعس ، سیستمێکی پایەداری دیموکراتی و عیلمانی وا بەرپابکرایە کە هەموو خەڵکی عێراقی بەیەکچاو سەیربکردایە و شۆفینیزمی عەرەبی لەڕەگ و ڕیشەوە دەربکێشایە، ئەوکات پێداگرتن لەسەر گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەو تین و تاوەی نەئەما. گەر دەوڵەتی ئێستای عێراق هەموو تاکەکانی ئەم وڵاتە ، بەهەر شوناسێکی نەتەوەییەوە کە هەیان بێت ، وەکوو هاووڵاتی یەکسان لە ماف و ئەرکدا تەماشا بکات و لەهەمان کاتدا مانەوە لە ناو عێراقدا بۆ کورد لەسەر بنەمای ئارەزوومەندانە و وەکو شێوازێکی بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوایە بۆ گەلی کورد، ئەوکات ئەمان ووت ئەو پێداگرتنانە لەسەر کوردستانی بوونی کەرکووک جۆرێکە لەشۆفینیزم نەک داواکردنی مافێکی ڕەوا و ئینسانی . بەڵام کاتێ ببینیت کە جگە لە حیزبی شیوعی عێراق ، هەموو پێکهاتە و کیان ولایەنە سیاسیەکانی ئەمڕۆی عێراق و لەپێشیانەوە ئەوانەی کە وەکوو کورد تاڵاوی ڕەشی دیکتاتۆریەت لەلایەن بەعسەوە کرا بەقوڕگیاندا، بەهەموو شێوازێک بەرگری لە مانەوەی پاشماوەی تەعریبی کەرکووک بکەن ، ئەوە ناونانیان بە میراتگری شۆفینیزمی عەرەبی بوختان و زیادەڕۆیی نیە.

نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە گرێدانەوەی کەرکووک بەهەرێمی کوردستانەوە بە هیچ جۆرێک بەمانای شێواندنی مۆرک و تایبەتمەندی ئەم شارە نیە وەکوو شاری برایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و شارستانیانە. بەڵام با بزانین گرەنتی ئەوە چیە و ئەبێ لە چ قاڵبێکی سیاسیدا ئەوە زامن بکرێت.

من پێموایە ئەوە لێپرسراویەتیەکی مێژوویی گەورە ئەخاتە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان . لێرەدا ناکرێت بە گرێدانەوەی کەرکووک بە کوردستانەوە هیچ ئاڵوگۆڕێک لە دەستووری هەرێم و سیستمی سیاسی و دەسەڵاتدارەتی هەرێمی کوردستاندا بەدی نەیات. چ بۆ ڕەواندنەوەی ترس و ڕاڕاییەکی ڕاستی لەدڵی دانیشتوانی عەرەب و تورکمانی ئەو شارەدا و چ بۆ دیاریکردنی میکانیزمەکانی پراکتیزەکردنی ماف و دەسەڵاتەکانی 2 نەتەوەی جیاواز لە کوردستاندا لەهەموو ڕوویەکەوە، هەر لە ئێستاوە سیستمی سیاسی و ئیداری کوردستان پێویستی بەئاڵوگۆڕی ڕیشەیی هەیە.

گرێدانەوەی کەرکووک بە هەرێمی کوردستانەوە بەو ڕەواڵەی کە لەمادەی 140 دا هاتووە ئەبێ بواری یاسایی و دەستووری و سیاسی بەکردەوە بۆ هەموو دانیشتوانی کلدانی و ئاشووری و عەرەب و تورکمانی کەرکووک و گشت کوردستان بکاتەوە کە بەوپەڕی ئازادانە بواری ئەوەیان بۆ برەخسێت کە لە ڕووی سیاسی و لەبواری کەڵچەر و زمان و گەشەدان بە شوناسی خۆیان بەو شێوازەی خۆیان دەیانەوێت ، پێویستیەکانی گەشە و بەشداری سیاسیان بەتەواوی و لەبەرزترین ئاستدا بۆ دابین بکرێت. ئەوە پێویستی بەوەیە کە دەسەڵاتدارەتی هەرێمی کوردستان نمونەیەک لە خۆی بنوێنێت کە بەتەواوی ئەو ڕاستیە بەرجەستە بکاتەوە کە : گەلێک خۆی تاڵاوی چەوسانەوەی دیبێت هەرگیز ئامادە نیە کەسی تر بچەوسێنێتەوە. !!!

ئاڵوگۆڕێکی گرنگ و مێژوویی لەو بابەتە ناتوانیت گونجاو بێتەوە لەگەڵ ئەم شێوازە لەدەسەڵاتدارەتیی سیاسی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە. چ لەبواری شێوازی بەشدارییپێکردنی نەتەوە و کەمینەکانی تر لە کوردستان لە سیستمی سیاسیدا ، و چ لەبواری سەرجەم ماف و ئازادی و خزمەتگوزاریەکانی هاووڵاتی لە کوردستاندا ، حکوومەتی هەرێم نمونەی دەسەڵاتدارەتیەکە کە زۆر دواکەوتووە و خزمەت بەتوێژێکی سەرەوەی کۆمەڵ وتاقمێکی بیرۆکرات و مشەخۆری سیاسی و حیزبی ئەکات.

هەرچی بواری ماف و ئیمتیازاتەکانی تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشووریە ئەوە حکوومەتی هەرێم لە 2 دەیەی ڕابووردوودا شکستی تەواوی هێناوە. شێوازی دروستکردنی حیزبی تورکمانی و ئاشووری کارتۆنی و کڕینی چەند کەسایەتی تورکمان و ئاشووری لە کوردستاندا و دانی ئەرز و پارە پێیان یا کردنیان بە بەڕێوەبەری بزنسی گەورە دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی و ناوهێنانی ئەوە بە دانی ماف بە تورکمان و ئاشووری کاریکاتۆرێکی قێزەون و بەرماوەیەکی خراپ و بۆگەنی بەعسە کە حەیفە تێکەڵ بە مەسەلەی گەلێک بکرێت کە خاوەنی کێشەیەکی ڕەوایە و ئامادەیە بەشێوازێکی ڕەوا و ئینسانی لەگەڵ گەلانی تردا بجووڵێتەوە.

ئەوانە نەک بۆ عەرەب و تورکمانی کەرکووک بەڵکوو شایستە نین بۆ هیچ ئینسانێکی ئەم سەر ئەرزە و ناتوانن هیچ کەس بە ڕەوایی گرێدانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕازی بکەن. دەسەڵاتدارەتی کورد گەر بیەوێت بەڕاستی بڕوای پێ بکەین کە ڕاستگۆن لە هەوڵیاندا بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 ئەبێ نموونەیەکی زۆر شارستانیانە لە دەسەڵاتدارەتی نیشانی هەمووان بدەن کە 180 پلە لەم پاشاگەردانی و ڕاووڕووتەی ئێستا جیاواز بێت تا ئینسان بەویژدانێکی ڕاحەتەوە هانی کەرکوکیەکان بدات بۆ سەرکەوتن بەسەر گرێکوێرەی ترس و دڵەڕاوکێی گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ئەوکات بەڕاستی بتوانین بڵێین کە ڕێگری گرێدانەوەی کەرکووک بە کوردستانەوە تەنها و تەنها دنەدانی شۆفینیزمە و لە حاڵەتی پێچەوانەکەیدا بتوانین بڵێین کەرکووکیەکان فرسەتی خۆگرێدانەوە بە سیستمێکی

پڕاوپڕ لە خۆشبەختی و کامەرانی و ئازادی و دیموکراتیکیان لە کوردستاندالەدەست خۆیان دا. گەر وانەبێت ئەوە هەموو عەقڵێکی سەلیم ئەبێ دان بەو ڕاستیەدا بنێت کە نمونە تاریک و دواکەوتوانەکەی دەسەلاتدارەتی پارتی و یەکێتی لە کوردستاندا تەواوکەری ئەو هەوڵانەن کە دەیان لایەن و هێزی شۆفینی و کۆنەپەرست دەیدەن بۆ ڕێگری دانان لە گرێدانەوەی کەرکووک بە کوردستانەوە.

## لەجیاتی کۆتایی : پردێک بەرەو مادەی 140 !!

ئێستا ئێمە لەبەردەم 2 ڕێیانێکداین: یا جێبەجێکردنی ئیستەرەم و بێ ئەملاوئەولای مادەی 140 یا هەڵوەشاندنەوەی ئەو مادەیە وەکو زۆر هێز و لایەنی سیاسی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراقدا ، بەجیاوازی بیانوەکانیانەوە ، هەوڵی بۆ ئەدەن. بەگشتیش تای تەرازوەکە هەرچی هاتووە بەزیانی جێبەجێکردنی ئەو بەندەی دەستور وەرگەڕاوە. بەو مانایە مادەی ناوبراو بەڕاستی لە ژووری ئینعاش دایە.

پێم وابێت، بێئەوەی بگەڕێینەوە بۆ دواوە بۆ لێکدانەوەی هۆیەکانی گەیشتنی باری ئەم کەیسە بەم ڕۆژ و حاڵە، باشتر وایە ڕوو لەداهاتوو بکەین و بەشوێنی چارێکەوە بین کە نەشیشی تیا بسووتێ و نەکەباب.

من پێموایە سەرەتا ئەبێت بوونی مادەی 140 وەکوو هێڵی سوور بناسێنرێت کە هیچ جورە سات وسەودایەک لەسەر نەبوونی قەدەغە بکرێت. بەمانایەکی تر نابێت بەهیچ شێوەیەک پاشەکشە بکرێت بۆ پێش مادەی 140 و بوونی ئەو مادەیە هیچ سازشێکی لەسەر نەکرێت. ئەوە بەتایبەتی بۆیە ئەڵێم چونکە ( بێگەڕانەوە بۆ دواوە ) دەسەڵاتدارەتی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتوون لە سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی، لەڕابووردوودا بۆ بەدەستهێنانی پۆست و پلەی سیادی لە بەغداد ئامادەی زۆر سازش بوونە وهیچ هێڵێکی سور نەبووە پێش بە تەماعی ئەوان لەو بارەوە بگرێت. ئەوەندەی پێداگریمان بینی  لەسەر مەسەلەی چاڵەنەوتەکانی کوردستان و چارەنووسی داهاتەکەی هێندەی ئەوەمان لەسەر مەسەلەی کەرکووک نەدی. بەو مانایە ئەبێ سەرەتا لە پەرلەمانی کوردستاندا مادەی 140 وەکوو هێڵی سوور بچەسپێت. لەم بوارەشدا زۆر سروشتیە بەتایبەتی بەم تەرازووی هێزەی ئێستاوە بەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا سازش و مامەڵە بە شتی ترەوە بکرێت ( بەتایبەتی پۆستە سیادیەکان یا تەنانەت ڕێژەی بودجە ) لەپێناوی زیندووکردنەوەی مادەی ناوبراودا. بەدوای ئەوەدا ئەکرێ لەسەر ماوە و شیواز و میکانیزمی جێبەجێکردنی مادەی 140 سەرلەنوێ ڕێکەوتن لەسەر  ئەجیندایەکی نوێ بکرێت.

ئێستا بە هەموو ئەو پیدراوانەوە ( معطیات ) کە لە ئاستی کوردستانی ، عێراقی ، ناوچەیی و جیهانیدا دەوری کەیسی کەرکووکیان داوە و بۆ ئەوەی وتە بەناوبانگەکەی طارق عزیز نەیەتەدی کە لەم بارەوە لە گفتوگۆکەی 1991 دا بە وەفدی بەرەی کوردستانی ووتبوو : ئەبێ تا مردن بەدیار کەرکووکدا شیوەن بکەن چۆن عەرەب بۆ ئەندەلووسی ئەکەن ، پێویستە لایەنی کوردی و لەپێشەوە حکوومەتی هەرێم بەئاشکرا نەک لەژوورە داخراوەکاندا سەرلەنوێ بەسەرجەم حساباتی خۆی و کەیسی مادەی 140 دا  بچێتەوە.

دیسانەوە گرژی و ئاڵۆزی پێکهێنانەوەی حکوومەتی تازەی دوای هەڵبژاردن درێژەیی هەیە. ڕاستە لایەنی کوردی لە هاوکێشە سیاسیەکاندا لە جاران لاوازترە بەڵام مادام بەکردەوە کارتی مەسەلەی کورد و ئیدیعانامەی خەڵکی کوردستان لەم بوارەدا بەدەست ئەوانەوەیە ، ئەتوانن زۆر کارتی فشار بخەنەگەڕ لەو پێناوەدا.

من لێرەدا وەکو نمونە ، نەک وەکوو چوارچێوەیەکی دیاریکراو ، چەند شت لەو بوارەدا بۆ زیندووکردنەوەو چالاک کردنەوەی ئەم کەیسە ئەخەمەڕوو:

1 / پێداگری لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراقدا لە کۆتایی ساڵی 2010 و هەوڵدانی چڕ و پڕ بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی لە ئێستاوە.

2 / بەستنی کۆنگرەیەکی تایبەتی لە ئاستی کوردستاندا بەبەشداری نوێنەرانی حکوومەت و هێزە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مدنی و کەسانی شارەزا لەبوارەکانی یاسایی و مێژوویی و ئەکادیمی لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستاندا بەمەبەستی گەڵاڵەکردنی پێشنیار و ڕاسپاردەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی هەرچی چالاکتر و خێراتری مادەی 140. باشتر وایە پەرلەمانی کوردستان ئامادەکاری و سەرپەرشتی پێویست بکات بۆ بەستنی ئەو کۆنگرەیە.

3 / ڕێکخستنی کەمپەینێکی سیاسی و ئیعلامی لەلایەن گرووپێکی پرۆفیشیناڵی پێکهاتوو لە شارەزای بواری جیاواز لە ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهاندا بەزمانی جیاواز بۆ شەرحی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەیسی کەرکووک و ڕەوایی داخوازی و مەرامی خەڵکی کوردستان لەو پەیوەندەدا.

4 / ڕاگەیاندنی هەڵوێستی بەرهەڵستکار بۆ بەشداری لە حکوومەتی داهاتووی عێراقدا بە بێ ڕاگەیاندنی ئەجیندایەکی سیاسی و یاسایی بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 لە ماوەیەکی دیاریکراودا و پابەند بوونی تەواو پێوەی و دیاریکردن و پێناسەکردنی میکانیزمی چالاک لەو بارەوە.

5 / بێئەوەی هیچ خوشباوەڕیەک بە ئەمریکا لەمبارەوە بوروژێنرێت بەڵام وەکوو ( ئەمری واقیع ) پێش کشانەوەیان بەیەکجاری و بەتایبەتیش پێش لابردنی تەوقی بەندی 7 ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر عێراق زمان و هەڵوێستی لایەنی کوردی و کوردستانی ئەبێ لەهەموو ڕوویەکەوە بچێتە ئاستی هەڕەشە لە کشانەوە لە سەرجەم پرۆسەی سیاسی گەر هەنگاوی خێرا بۆ چاری ئەم مەسەلەیە بە خێرایی نەدۆزرێتەوە.

لێدوان تەنها بەزمانی ئارام و درێژەدان بە ڕۆڵی ئاگر کوژێنەوە کە تا ئێستای لایەنی کوردی لە ئەزمەی بنیاتنانەوەی سیستمی سیاسی و دەوڵەتی عێراق و لەحیمکردنەوەی جەمسەرەکانی نوان سوونە و شیعەدا ئەیگێڕێ ، ئایندەیەکی خراپی ئەبێت بۆ مافەکانی کورد بەگشتی و مەسەلەی کەرکووک بەتایبەتی. سادەترین ئەزموونی سیاسەت ئەوەیە کە لە کاتی قەیران و قۆناغەکانی گواستنەوەدا تەنها بە زمانی ئارام و دیبلۆماسی نەدوێیت. نمونەی سەدریەکان و سوونەکان و شێوازی کارکردنیان لە قەیرانی ئێستای عێراقدا زۆر لە لایەنی کوردی سەرکەوتوو تر بووە.

6 / ئەبێ ترۆپکی ئەو هەنگاوانە ، گەر وەڵامدانەوەیەکی پۆزەتیڤ لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە نەبوو ، ڕێکخستنی یاخیبوونی مەدەنی ( العصیان المدني ) بێت.

دیارە چاوەڕوانی ئەو جۆرە ستراتیج و هەڵوێستانە لە حکوومەتی هەرێم و سەرکردایەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ڕەنگ بێ بە خۆشباوەڕی لەقەڵەم بدرێت، بەڵام فشاری جەماوەری خەڵک لە کوردستان و دەوری ئۆپۆزیسیۆن و میدیای ئازاد و ڕای گشتی ، لەناوە و دەرەوە ، ئەتوانێت کاریگەری زۆری لەسەر بڕیاری سیاسی حکوومەتی هەرێم هەبێت.

ئایاری 2010

**سەرچاوەکان**

1 . العراق ؛ دراسة في علاقاته الخارجية و تطوراته الداخلية . اديث وأئى ، آيف ، بينروس . 1915 - 1975 الجزء الثاني . ترجمة ؛ عبدالمجيد حسيب القيسي. الدار العربيي للموسوعات. الطبعة الاولى 1989 . بيروت - لبنان
2 . العراق الجمهورى . تآليف الاستاذ الدكتور مجيد خدوري. الطبعة الآولى في ايران. المطبعة امير - قم 1376 - 1418

3 . حزب *البعث العربي الاشتراكي 1940 – 1963* . مصطفي دندشلي .الجزء الاول، الطبعة الاولى بيروت 1979. لم ترد اسم دار الطبع.

4 . كركوك مدينة القوميات المتاخية. مجموعة من العراقيين الاكاديميين في لندن. الطبعة الاولى . 2001

5 . نشأة العراق الحديث. تأليف هنري فوستر . ترجمة و تعليق سليم طه التكريتي . الجزء الثاني. الطبعي الاولى بغداد 1989. الفجر للنشر والتوزيع.